


# کەمتیارەکانی دۆزەخ، کچێنییان خواردم

یاسین برایم
( ڕەواندز )

چل و هەشت مانگ و هەژدە ڕۆژ، لەو ماڵە دوورکەوتمەوە، یان بڵێین منیان بردە دۆزەخ. ئێستاش، هەرهیچ نەبێت، ئازادم و قسە دەکەم. بیرمە لەژێر ئەو دارتووە، مۆمی ئاییندەم دادەگیرساند، هەموو هەوڵ و ماندوبوونم، خەونە جوانەکەم بۆ ئەوە بوو، دوو سێ هەیڤی دی دەبم بە قوتابی زانکۆ. سپێدان تا هەتاو گەرم دەبوو، لەنێو وشە و ڕستە و نووسین و کتێبەکاندا گەرم دەبووم. چێژم لەو کەشە ئارامە دەبینی، خەونم بە خەرمانەی نمرەیەکی بەرزەوە دەبینی، لە ماڵەوەش، خزمەتیان دەکردم، نەیاندەهێشت، دەست بۆ هیچ شتێک ببەم؛ هەر کتێب و خوێندن و تەواو.

ئەو سپێدەیەی بوو بە ڕۆژێکی ڕەش لە دیرۆکی ئێرە، چەکدارە جلڕەشەکان، بە دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر و تەقە و دەنگەدەنگ و هاتوهاوار، جوانی و ئارامی گوندیان شێواند، بە شاپ دەرگەی حەوشەکانیان شکاندن، وەک مێرووستان بەناو ماڵان وەربوون، لەنێو جێگە ڕاپانپەڕاندین و هەر بەجلی خەوەوە، گەیشتنە سەرمان؛ فریای هیچ نەکەوتین. دیمەنەکە هەر ئەوە نەبوو، لێدان، پرچ ڕاکێشان، پاڵدان، تێهەڵدان، جنێو. لە چەند خولەکێک بە پەلەپرووزێ، هەموویان لە خوار گوند کۆکردینەوە، پیر و منداڵ و کچ و ژنی دووگیان. نازانم تاوانمان چ بوو؟

– لێرە، عەبدۆی ئامۆزامان، هەیڤێک بوو، زاوا بوو، لە ختوخۆڕایی لەپێش چاوی هەموومان سێ گوللەیان لەسەری داو کوشتیان. (زەڕێ)ی بووکیش، هەر لەوێ بوورایەوە؛ ئێستاش چارەنووسی

ئەو بووکە ونە و کەس نازانێ چەکدارەکان چییان لێ کرد. بردیان، فرۆشتیان، کوشتیان، نازانم، نا.

دیمەنەکە لەبیرکردنی سەخت بوو، لەسەر پارچە بلۆکێکی نێو حەوشەکە دانیشت، سەری خستە ناو دەستەکانی، لە دەریای فرمێسک و خەم و گریان نغرۆ بوو.

سێ شەو و ڕۆژ لە بینایەکی کۆن و پیس، نازانم کام شار بوو، کام شوێن بوو، بەسەدان کچ و منداڵ و ژن و بەساڵاچوویان، تێ ئاخنیبوو؛ هەموو برسی، تێنوو، ترساو، بەو گەرما تاقەتپڕووکێنە، دەگریان و هاواریان بوو. چارەنووسیان نادیاربوو، هەمووان بۆنی مەرگیان دەکرد. زیڕەی منداڵ و ئاهو هەناسەی بەساڵاچووان. لە هەمووی ناخۆشتر، چەکدارەکان بەسووک سەیرکردن و تووڕە و شەڕانی بوون، ئاگر لە هەنیەکانیان دەباری. دیمەنی لەخۆچوونی ژنان مەپرسە، پیرەژنێکی بە دیلگیراو، لەکاتی هێنانیان، خستبوویانە نێو پیکابێک کە دوو چەکداری کوژراوی خۆیان تێدابووە، چاوی بە خوێن و برین و ڕوخساری شێواو دەکەوێت، تووشی حەپەسان دەبێ و زمانی لە گۆ دەکەوێت، هیچمان لێ نەبیست، دەلەرزی، هیچ شتێکی نەخوارد و نەخواردەوە، بەیانییەکەی هەستاین جەستەی ساردوسڕ. چەکدارێکی چڵکنی ناشیرین، قاچی ڕاستی گرت و ڕایکێشا، وایدەزانی کەلاکی ئاژەڵێکی تۆپیو ڕادەکێشێت. زوو زانیمان چەند بێ ویژدان و دڕندەن.

لە لیستێک ناوی کچ و ژنە جوانەکانیان نووسی. من یەکێک بووم لەوان، جیایان کردینەوە، هەر ئەو شەو، من و کچێکی ڕەشتاڵە، دەم و چاو و دەمیان بەستین، ئۆتۆمۆبێلێکیان هێناو سواریان کردین. ڕەنگە دوو کاتژمێر ڕۆیشتبین، دوای ئۆتۆمۆبێلەکە کەوتە ڕێگەیەکی خۆڵ و پڕ تاسە. پاشی وەستان، پیلیان گرتم و بە توولەڕێیەکی سەرەوژێر، پەنجا شەقاوێک دەبوو. منیان خستە شوێنێک و دەرگەیان لەسەر داخستم. ئەو شەوە دەنگم نەبوو هاوار بکەم، چاوم نەیدەبینی، زمان نەبوو، دەستوپێم توند بەستراو. شەوێکی تاریک، ترسناک، زیندان، گۆڕ، دۆزەخ. نازانم، ئەمشەو خەوم لێ کەوت، یان نا، وەختێک گوێم لە دەنگی بانگ بوو، گەرمای زۆر و ئارەقە جەستەی تەڕکردبووم؛ زانیم ئەوە بانگی نیوەڕۆیە. نزیک سێ بوو، دەرگە کرایەوە. سەرەتا چاو، ئەوجا دەمودەست، دوایی پێیەکانیان کردمەوە؛ پیاوێکی پیری ڕیشچڵکنی ڕەش، دوو چاوی زەقی وەک مار. دوو سێ جار لەدەورم سووڕا. خوانچەیەکی ستیل، دوو قاپ لە شۆربا و برنج و گۆشت و نانێک و دەبەیەک ئاو، لە تەنیشتی دانام. هەر بەو چاوەزەقانە، ئاماژەی بە خواردنەکە دا کە بیخۆم. دەرگەی داخست و ڕۆیشت. دەسکی دەرگەم هەڵتەکاند، مست و شاپم لێ دەدا، دەمقیژاند، دەگریام، دەپاڕامەوە، لە دەموچاو و ئەژنۆی خۆم دەدا، قژی خۆم دەڕووتاندەوە. دەنگم دەگەیشتە حەفت تەبەقەی ئاسمان. وەلێ هیچ ڕووی نەدا.

شەو، جارێکی دیکە دەرگەی کردەوە و هەندێ خواردن و شەربەتی خستبووە زەرفێک، دەستەجلێک و چارۆگەیەکی لەسەر دەستی ڕاستی دانابوو، لە پێشی دانام. هەندێ قسەی کرد، چ گرنگیم بە قسەکانی نەدا، سەیرم نەکرد، هەر هاوارم دەکرد و دەمویست ڕابکەم، ڕاکردنی چی، مەچەکی گرتم و بۆ نێو ژوورەکەی فڕێی دام. سەرزەنشتی کردم، پەنجەی شەهادەی دەستی ڕاستی بەدەمی خۆیەوە ناو چاوەکانی

زەق کردنەوە: «وسسسسسسسس! وسسسسسس!»
لێم نزیک بووەوە، دەیوست ماچم بکات، بمخاتە باوەش. بوێری ئەوەم کرد و تفێکم بە دەموچاویدا کرد و ڕیشی ڕەشم سپی کرد. بە مەچەکی چەپی تفی سەر ڕیشی سڕییەوە و دەهری بوو، بە مست، بە شاپ کەوتە لێدانم، قژی ڕادەکێشام و بە زەوی دادەدام و هەڵیدەستاندمەوە و دووبارەی دەکردەوە، هەر بەدەست دەمویست بەرگری لە خۆم بکەم، هیچ شوێنێکی منی نەپاراست، خوێنم لە دەم و لووت هاتەخوار، میزم بەخۆمدا کرد. ئەوە وەک جەللادێکی ملهوڕ، بە وشەی کافر.... شەیتان.... دۆزەخی نیشاندام، دەنگی من و دەنگی ئەو لە پێشبڕکێ دابوو، من دەپاڕامەوە و ئەویش بەدەنگی ڕیسوای دەکردم و هێز و تینی خۆی نیشان دەدام، دنیام لەپێش چاوی ڕەش بوو، ئاگام لەخۆ نەما و بوورامەوە، ساردبوومەوە، دەنگم کزبوو، مردم، نووستم، چزوانم، دۆزەخ بوو دۆ .... زەخ.

چووە لای تەنوورەکە، سپێدان، دایکی نانی گەرمی لی دروست دەکرد. هەنووکە پیس لە ڕیقنەی چۆلەکەکان، خراپ و فرامۆشکراو، بە تەونی جاڵجاڵۆکە داپۆشراو، لەوێ ڕۆژێ ئاگری تێدا نەکرابووەوە و دەستی دایکی لێ دوور کەوتبووەوە. دەست و پەنجە ناسکەکانی دایکی لەنێو هەویر و نان هاتەوە بیر، ئاخۆ دایکی لە کوێ گۆڕغەریب بێ؟ یان دیلی دەستی کام دڵڕەقێک بێ؟ ئاخۆ ئەویش لە چ دۆزەخێک ژیا بێ؟ دەستی بە تەنوورە قوڕینەکەدا هێنا، ڕازەکانی بۆ دڵی ساردی تەنوورەکە گێڕایەوە:

«کاتێ بە ئاگا هاتمەوە لەژێر دارتووەکەی حەوشەی ئەو خانووەی منی تێدابووم. لەسەر تەختەیەکی نووستنی کۆن و ژەنگاوی دەستەکانم بەسترابوون و پرچم بڵاو، ڕووت وەک پەیکەری مایکل ئەنجیلۆ، ماندوو، برسی، تینوو، گەرما، بۆنی ئارەق و خوێن، گێژی دەکردم. جەستەم شین و مۆر و سوور، هەر لە پەلکەزێرینە دەچوو؛ تژی برین. نەمدەتوانی خۆم بجووڵێنمەوە. چاوم ڕەشکەوپێشکەی دەکرد. خۆم بینی هێڵنجم دەهاتێ، تەکانم دەدا، وەک مردوو بووم، چەند کلینکسێکی بەخوێنم بینی. لەسەر زەوی فڕێ دڕابوون، تیلەچاوێکم دایە لای ڕاستم، ئەو وەک بەرازێکی دابەستەی ملەستوور، بە شۆرتێکی سپی لەسەر کورسییەکی نایلۆن، خەریکی چاخواردنەوە بوو. زەردەخەنەیەکی درۆزنانەی بۆکردم. هاتە سەر سەرم، دەموچاوێکی پیس، وەک کەمتیارێکی چڵێس و برسی، لەبەردەم نێچیرێکی دڵشکاو و زامدار و بەزیو، تێگەیشتم جەستەم بە دەم و چڕنووکی ئەو خوێناوی بووە و بوویمە ژەمێکی چەور؛ جەستەم بە شەهوەت بۆگەن بووە، کچێنیم خوراوە. لەنێو خوێن و ئارەقە و شەهوەت کەوتووم، بۆنی هێلکەی بۆگەنی و ساردم دەکرد. حەقیقەتێکی پووچ و ڕاستییەکی تاڵ، جەستەی فریشتەییم بە مۆری شەیتان داغ بوو، بە زیندوویی کرامە دۆزەخ.»

– ئای تەنوورە بێنازەکەی دایکم، دڵم وەک دڵی جارانی تۆ گەرمە، هەموو ڕۆژێ دەسووتێم و دەسووتێم و دە.. سوو.. تێم.

– زیندوو دەبمەوە و دەمرم و زیندوو دەبمەوە و دەمرم.

ئاگریان لەژێر ئەم دارتووە جوانە کردبووەوە، قاپەکەی ڕەش بووبوو، هەر بەو هۆیە و بێ ئاوییە، وشک بووبوو. دارێک بۆنی هەموو خێزانەکەمانی لێ دەهات. لەژێریدا دادەنیشتین و پێدەکەنین. نەۆ دارێکی وشک و بێ سێبەر، وەک من بێ خاوەن و بێ سێبەر. باڵای ڕەشی

دارەکە، ڕەش و سووتاو وەک باڵا و دڵی من، وەک بەختی من ڕەش، من بووم بە بووکێکی دیل، جلی ڕەشیان کردە بەرم. تەنیا چاوە ڕەشەکانم دیاربوون، چ بکەم هەموو ژیانم ڕەش بوو، وەک ئاڵا و بەرگ و ڕیش و دڵ و هزری ئەوان.

ڕۆژانە لەو ماڵە دۆزەخییە دەژیام، من ژن، یان بووک، کۆیلە، خزمەتکار، یان وەک لەشفرۆشێکی نەفرەتلێکراو سەیر دەکرام، خۆشم نازانم من چی بووم. من خاوەن پیرە کەمتیارێکی ناشیرین بووم، تەمەنی لە باوکم زێدەتر. لە کێڵگەیەکی مەزنی نێو دۆڵێک، پەرژینێکی بڵند و سیمدار و پتەو. لە بیست مەتری تەنیشت ژوورەکەی من، ژنێک و دوو منداڵی بچووکی کچ دەژیان، ئەویش هەموو شتێکیان لەسەر ئەو پیاوە بوو، بەخێوی دەکردن، دواتر زانیم، ئەندامێکی ئەو ماڵەم، کەنیزەم، دیلم، ژنی (ئەبوو جاسم)م. ئەو ژنە ڕێنوێنی و فریادڕەسم بوو، ئەمە بەس بوو، ئارامی دەکردمەوە و ڕۆژانە برینەکانی ساڕێژ دەکردم. جەستەی بە ڕۆنی زەیتوون بۆ دەهەنویم، دەیشێلام. سەرەتا لێی تێ نەدەگەیشتم، وردە وردە لە ڕێگەی زمانی جەستە و دووبارەکردنەوە و سەرنجدان، فێربووم و تێگەیشتنم زیاتر بوو، ناچاریش بووم دەبوایە خۆم ڕابهێنم، بەو ژیانە نەخوازراوە ڕازی بم. تا ڕێگەچارەیەک بۆ ڕاکردن بدۆزمەوە، من لەو خەیاڵکردنەش هەڵەبووم، کێڵگەکە بە شوورەیەکی مەزن تەنرابوو، ئاخر بۆ کوێ ڕابکەم؟ ڕۆیشتبام هەر بەئاسانی دەگیرامەوە. حەفتەی یەکەم بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بکوژم، وەلێ دایک و خوشکە دوو ساڵانەکەم بیر دەهاتەوە، لەبەر چاوم لانەدەکەوتن و لە بڕیاری خۆم سارد دەبوومەوە. بەردەوام خەمی ئەوانیشم بوو، نەک خەمی خۆم.

– خوایە دەبێ ئێستا لە کوێ بن؟

تا ڕۆژەکان تێدەپەڕین، شارەزایی ژیانی کێڵگە و کار و کردەوەکانی ئەبوو جاسم بووم، ڕۆژانە دوو ژەمی خواردنمان بۆدەهات. کاری من تەنیا چا لێنان و وردکردنی شووتی و گندۆرە و شووشتنی جل و شتی سادەبوو. لە خوار کێڵگەش، شوێنێکی وەک گەراج وابوو، لەوێ بەیانیان تا نیوەڕوان کاری دەکرد. دواتر زانیم لەوێ لەگەڵ دوو سێ چەکداری گەنج، خەریکی ئاسنگەری و دروستکردنی بۆمب و کەرستەی تەقەمەنی بوون، بەیانیان مۆلیدەیەکی دەنگ گەورەیان پێ دەکرد؛ لەوێ بوو، زۆرجاریش، ئێوارانیش دەمانەوە. دەنگ و تەقە تەق و غەڵبەغەڵبیان دەهات.

لەو ماڵە من بوومە ژنێکی داپۆشراو و ترساو، وەک قەلەڕەش لەنێو ئەو خانووە لاپەڕگە و دوورەپەرێزە، دیل و کەنیزە بووم. من لەو ژنەوە فێربووم، ئارام بگرم و لەگەڵ ژیان ڕابێم، شتەکان کاتین و تێدەپەڕن؛ ئەوەی هەیە (بەخت و چارەنووس)ـە، ئەگەرچی خەمم دەخوارد، ئازاری دەروونیم دەچێشت. خەمی دایکە دووگیانەکەم بوو. دەمویست لە ڕێگەی ئەو ژنەوە، داوا لە ئەبوو جاسم بکات چارەنووسی دایکم بزانم، ناوی دایکم پێ گوت. ناچاریش بووم بەرگەی ئەو ئازار و ژیانە سەختە بگرم و لەگەڵی باش بم، تا دەهات لەگەڵم نەرم و باش دەبوو. زۆرجار لەبەرانبەر جەستەم دەگریا. نازانم هەستی بە پەشیمانی دەکرد، زگی پێ دەسووتام، زگی بەخۆی دەسووتا، یان ئەویش قوربانی بوو، وەک من تووشی چارەنووسێکی نەخوازراو هاتبوو؛ لە هەموو شت دەچووین لە ژن و مێرد

نەدەچووین. ئەویش ماندوو، شڵەژاو، سەرقاڵ. شەوان دوو تەلەفۆنی پێ بوو، قسەی دەکرد. هەواڵ و زانیاری وەردەگرت و فەرمانی بۆ دەهات و فەرمانی دەردەکرد. ئەوە نیشانەی ئەوەبوو، پلەیەکی گەورەی هەبوو، ئێستاش نەمزانی چ بوو. شەوان وەک کەمتیارێکی پیر دەهاتە لام و دەبووە نێچیری جەستەم. من ئارەقەی شەرم و ترسم دەڕشت، ئەویش ئارەقەی پیس و شەهوەت و پیاوەتی، بۆنی مەنهۆڵ لە دەم و ددانە کلۆر و ڕزیوەکانی دەهات. ژیانم هەموو ئەمە بوو، پیسی و ناخۆشی و ئازار.

ئێوارەیەک، وەک پەرجوو لە ئەو ڕووی دابێت، هەندێ جلوبەرگ و ئەڵقەیەکی زێڕی پێدام، بەڵێنی ئەوەی دا، بەیانی بمبات بۆ شار. بەداخەوە، ئەو بەڵێنەشم نەبینی، ڕۆژی پاشی، کاتژمێر دەی بەیانی بوو، دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز لە کارگەی کێڵگەکە هات. دنیا لە دووکەڵ و ئاگر و تۆزدا بزربوو. دوای دوو سێ خولەک خۆم گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە. تەرم و قاچ و باسک و سەری پەڕیو و پارچە گۆشت و خوێن و بۆنی بارووت بوو. حەپەسام، قیژەیەکم کرد، وەک قیژەکەی (ئێدوارد مونک)، ترسام، تێکچووم، لەگۆکەوتم، هەناسەم تەنگ بوو، نازانم چ ڕووی دا، منیش بووم بە کارەکتەرێکی نێو تابلۆی خوێن و لەگەڵ تارمایی مەرگ ئاوێزان بووم.

گوڵدان و تەنەکە ژەنگاوییەکانی نێو حەوشە، شکاو و شێواو، بێ نەمام و گوڵ کەوتبوون، بۆنی ڕەشەڕەیحان و نازنازیان لێ نەدەهات. پەپوولە و هەنگی نەدەبینی، حەوشەیەکی ڕەنگین، بووبووە کەلاوەیەکی پیس و ناخۆش، دەستی بۆ گوڵدانێک برد، یادێکی ڕەشی بۆ گوڵدانەکە گێڕایەوە:

«ئەبوو جاسم و دوو، یان سێ لە چەکدارەکان، پارچەپارچە بوون. منی بێهۆش، نازانم پاش چەند ڕۆژێک بەئاگا هاتمەوە. چەکدارێکی درێژی لاواز، خۆی بە خاوەنی من دەزانی. هێشتا بۆنی خوێن و مەرگ لە جەستەم دەهات. هاتە سەر سفرەی ئامادەکراو. سێ حەفتە تێنەپەڕی، جەنازەی ئەویشیان بە کوژراوی بۆ هێنامەوە. سێ ڕۆژی نەبرد، هەر ئەو ماڵە منیان دایە پیاوێکی پیری خاوەن دوو ژن، لە گوندێکی دوورەدەست و دەشت و هەمووی چوار پێنج ماڵی لێ بوو. حەسارێکی مەزن، نزیکەی دوو سەت مەڕ و بزن و گوێلک و مانگای تێدابوو. شیاکە و پاشماوەی حەساریان پێ خاوێن دەکردمەوە؛ ئالیک و ئاوم بۆ ئامادە دەکردن، ئەوجارە ئەو دوو ژنە سووکایەتییان پێ دەکردم، وەک خزمەتکار و کەنیزە سەیریان دەکردم. بێجگە لە شەڕ و ئاژاوەی ناوەخۆییان، ماڵێک چ بەهای مرۆڤبوون و ڕێزی تێدانەبوو، تژی ڕق و تۆڵە، ئێرەییشیان پێ دەبردم، کە لەوان گەنجتر و جوانتر و سپیترم. منیان بە مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆیان دەزانی. ڕۆژێک پیاوەکە منی لەگەڵ دوو مەڕی دابەستە خستە پشتەوەی پیکابێک، بردمیە شارۆچکەیەک و نازانم منی فرۆشت، یان پیاوەتی پێ کردم لە بڕی قەرز منی بەخشی، نازانم و دەستی لێ بەردام.»

گوڵدانێکی ڕەنگ زەرد، درزی بردبوو، کەوتبووە سەر لاتەنیشت، نیوەی خۆڵەکەی بەتاڵ بوو، دەستی بۆ برد و قیتی کردەوە، بووبووە دوو پارچە، ئەویش ئەوها یادیکی دڵە شکاوەکەی بۆ باس کرد:

«بەقەد گوڵدانە زۆرەکانی ئەم حەوشەیە، ناوم گۆڕرا، لە مریەمەوە بووم بە فاتیمە، زەینەب، سارا، هاجەر، ئوم کەلسوم، بەڵقیسە،

وەردە و غەزال. چزوانم. دەبووم بە کچ، بێوەژن، مێردکوژراو، خزمەتکار، دیل و لەشفرۆش. خاوەنەکانم، ئەمیر، مجاهید، پیرەمێرد، پیاوکوژ، زۆردار، چەتە، مێباز، خوێڕی و فێڵباز. من لەو مەتەڵە تێ نەگەیشتم، فریشتە بووم، کچی شەیتان بووم، کافر. وەک بووکەشووشە لەم دەستە بۆ ئەو دەستە و بۆ ئەو ماڵ و شوێن و شار و گوند و شوقە و کێڵگەی جۆراوجۆر دەیانگواستمەوە».

«من هەر حەفتە و مانگێک، ژنی پیاوێکی نەخوازراوبووم. وەک مەنجەڵی دانووکوڵاندنم لێ هاتبوو، دەستاودەستیان پێ دەکردم، تۆو و ئاویان تێ دەکردم، دەیانخستمە سەر ئاگر، ناخیان دەسووتاندم، ڕوخساریان ڕەش دەکردم، ڕوویان لە بەرانبەر خوا و مرۆڤ ڕەش کردم.»

تەنەکەیەکی ژەنگاوی دوو سێ قەدە گوڵەباخی وشکبووی تێدابوو. قەدەکەی پڕ دڕک.

-گوڵە باخە وشکبووەکە، منیش لەو ڕۆژەوە ئەو گوڵە باخە نەماوم، وشک و زەردم، تێنووم، بێ بەرم، بێ سێبەرم، هەست دەکەم دڵم پڕ دڕکە. ئەو دڕکە، ئێستاش ئازاری پێ دەچێژم؛ با بۆت باس بکەم چ دڕکێک بوو:

«دوای بوونم بە ژنی چەندان پیاو، پاش ساڵێک و هەشت مانگ، جارێکی دی بوومە دیلی گەنجیکی قەڵەو، ڕێکەوت منی هێنایەوە هەمان ماڵی یەکەم. کێڵگەکەی ئەبوو جاسم، هەمان ژوور، هەمان کەلاوە، لای هەمان ژن و دوو منداڵەکە. ڕۆژانە بۆنی کچێنیی خۆم دەکرد. بۆنی یەکەم پیاو دڕکی لە دڵم چەقاند. شەوان ئەو چەکدارە باسی ئەبوو جاسمی بۆ دەکردم، کە مامی ئەو بووە. دەیوت، مامم سەرکردەیەکی ئازا و چالاک بوو، لە شەڕێکدا کوڕە تاقانەکەی دەکوژرێت، لە دڵسۆزی کارەکانی، وەک پاداشت کچێکی جوانی پێ دەبەخشن. من جارێک لە مامم گوێ لێ بوو، دەیگوت ژنەکەم بچووکە و بۆنی کچی خۆمی لێ دەکەم. دوای مردنی مامم، دوو چەکداری هاوڕێی، لەسەر ژنەکە دەبێتە دەمەقاڵەیان، هەرکەس دەیوست بۆ خۆی بێ، دواتر بە دوو سەت دۆلار دەیفرۆشن. ئەم زانیارییە، ئێستاش دڕکێکە لە دڵم دەچەقێ و زامدار دەبێ و دەکولێتەوە. ئاخر بەو پێیە بێ من کۆنە مامۆژنی ئەو بووم، وەک گایەکی بڵح لە کێڵگەکەی مامی خۆی دەلەوەڕا. ئەویش ڕۆژێک دوو سێ هاوڕێی میوانکردن؛ وەک بڵێی لە قومار منی دۆڕاند بێ، دەستبەردارم بوو، لە پارچە کاغەزێکی نێوان خۆیان، بە ئاسانی، منی بە چەکدارێک سپارد. دوایی زانیم ئەوانە بۆ کاتێکی دیارکراو ژنەکان مارەدەکەن و دواتر دەیدەن بەیەک و بەو شێوەیە ئاڵوگۆڕی پێ دەکەن و شانازیشی پێوەدەکەن. ئەمە دڕکێکە ئێستاش ئازارم دەدا.»

سەیرێکی گوڵدانەکانی نێو حەوشەی کرد، بەڵێنی ئەوەی پێدان، هەر ڕۆژێک چیرۆکێکیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو ماڵە ئاوەدان بکاتەوە، نەمامەکان بچێنێتەوە و گوڵدانەکانیش، بە گوڵی جۆراوجۆر برازێنێتەوە. ڕۆژانە گوڵێک بهێنێ و بە فرمێسکەکانی ئاوی بدات. دەبێ چیرۆکە ڕەشەکان، بگێڕمەوە. کەسانێک منیان لە فریشتە کردە کچی شەیتان و بە دۆزەخیان ئاشناکردم، دەبێ ئەم دۆزەخە بگێڕمەوە.